
بەرکۆڵێکی دی..








## چاکسازی لە ئیسلامدا بکەن!

((.. براکەم ناوی مەهدی بوو، هێشتا تێ نەدەگەیشتم کە بۆچی دایەم، لەسەر هەندێ شت، تەنها لە ئێمە تورە دەبوو، لەسەر هەمان کایە، بۆ نموونە، خۆشۆڕکردنەوە لەدارەکانەوە، هەڵبەز و دابەز و جۆلانێ، لە گوڵ پتری بە مەهدی نەدەوت، بۆ من و خوشکەکانمی دەکردە ڕۆژی قیامەت، بەردەوام چاوی لەسەر ئێمەی کەنیشکان بوو؟ حەیامان مەبەن، با نەچینە دۆزەخەوە! ئەو وتانەی دایکم، تا بە تەمەنی نۆ ساڵی بارمان نەکرد، بۆ سعودیەی خاکی پیرۆزی خوا، لانەی پێغەمبەرە نازدارەکەی دایکم، باوکم و موسڵمانانی دی، نەمزانی کۆمەڵێک یاسای ئەو ئاینە هەیە، دەبێ، بێ پرسیارکردن، پەیڕەو بکرێن و مێینەش ژێر دەستەی نیرەکان بێ. مەهدی برام، ئازادانە لە سعودیە بۆی هەبوو بچێتە دەرەوە، بۆی دەگێڕاینەوە، چەند جارێ پۆلیسی سعودی بینیوە کە چۆن سەر و دەست و قاچی خەڵک دەپەڕێنن..)) بڕوانە نیوان ل ٢٠ تا ٤٥. هەمان سەرچاوە. عەیان حرسی عەلی. چاپی سوێد.

### عەیبی دیارە و دەیەوێ گلەیی لە کوڕان بکا!

ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو یەکێ لە پاسەکانی گەڕەکی مامۆستایان لە سلێمانی، پێم وایە سەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی بیست بوو، خوێندکارێکی کچ، کەمێ تەنورەکەی کورت بوو، ئەو لە ڕیزی من و کوڕێکدا دانیشتبوو، ئیدی ئەو پاسە پۆلۆنیانە شەش کورسییان، هەبوو، بەرامبەر یەکتر بوون، کە ئەو شوێنە بەتاڵ بوایە، ئیدی دوژمنیشت لەوێ بوایە، دەبوو بەرامبەری دانیشی، چارەیەکی دیت نەبوو، زۆریشت بوتایە، ئەگەر ئەو ڕۆژە پاسەکەی مچە بۆڵێن بوایە، ڕیزێک بۆڵە و گازندەت بەردەکەوت.

برادەرێکم هەبوو، ناوی عومەر بوو، ئەو شوێنەی ناو نابوو، کورسی وتووێژ و دڵداری، وای دەگۆ: بۆ مام جەلال نزیکە دەستە، کە چەند ساڵێ جارێ حەزی لە وتووێژە و بۆ ئەو کوڕ و کچانەش کە دەیانەوێ چاوبازی بکەن وەک جێی ژوانە.

من خۆم ویستم ئەوەی دووەمیان تاقی بکەمەوە، بەڵام سیاسەت و میاسەت، ئەو حەزەمی بۆ شاخ ڕاونا.

لەو پاسەدا، ئەو ڕۆژە، ژنێکی پیری ڕەقەڵە، ئیسکی دەموچاوی دەرپەڕیوو، نزیک یانەی مامۆستایان سواربوو. متی و ماتیەکەی ئەوەندی خایاند، کە چاوی بەو کچە کەوت. ئیدی لە دایکی (عەیان) پتر، بە زریانی وشە ناشیرن، پاسەکەی پڕکرد، عەیبت داپۆشە، ئەها ڕەنگی هینەکانت دیارە، با ئێمەش بە خۆتەوە ڕەوانەی دۆزەخ نەکرێین، جاران کچان بە حەوت بەنەخوێن، دەرپێکانیان قایم دەکرد، بەڵام کوران بۆیان دەکردنەوە، سەگباب و دەها جوێن و سوکایەتی دی، دەمی وەک هاژەی دەها، لە جمێندان. من و کوڕێک لە پاڵ کچەکە دانیشتبووین، خۆمانمان پێ ڕانەگیرا، پێمان وت: جا کێ تۆی کردوە بە خەلیفەی خودا! ئەو پیرێژنە دەمی بەشی حەشامەتێکی دەکرد، ئێمەش کەوتینە بەرشاڵاوی قسەکانی، دەزانم بۆا دەڵێن، ئەوە لەبەر خۆتانە بۆ ئەوەی سەیری بکەن!

منیش تێناگەم، بۆ دەبێ ئەو بەشەی ژنان، یان بەگشتی زێی مێینە ناوی (عەیب )بێ، لە کاتێکدا دەها ئێمامی سعودی و موسڵمان و نا موسڵمان خەریکە شێت دەبن بۆی و وێڵی ئەوپەڕی دنیا؟ نووسەر هەڵەی نەتووە، ئەو ئاینە بە چاوێکی کەمتر، سەیری مێینە دەکا، سەیرکردنێک کە نووسەر لەبەر ئەوەی ژنە، لە مەهدی برای کەمترە. من ئەو سەیرکردنە، لە زۆربەی دایکانی کوردیشدا دەبینم. کوڕەکەم تەمەنی تەنها چەند مانگێ بوو، ژنێکی لای خۆمان ئەم گۆرانیەی بەسەردا دەووت:
کێر بەڕولەی شارەزوور
کچان بیکەن بە بەرموور
کێر بەرولەی ئەو خوارە
کچان بیکەن بە گوارە
ئەمەی کوڕەکە، دەکرێتە گوارە و بەرمور و نازانم چیتر، بەڵام هی ژنەکان ناوی عەیبەیە...! ئەوەی کوڕەکە تا گەورە بێ، پتر جێگەی شانازییە، هەندێ جاریش نازناوی موشەکی پێ دەبەخشرێ، بە تایبەتی شەوانی زاوایەتی. برادەرێکی دێرینم





هەیە، ڕستەیەک بەردەوام دەڵێتەوە، بگرە چێژیشی لێ دەبینێ: ڕەحمەت لە ئەوەڵ شەوەکەت! جارێکیان هەمان ڕستەی بە هاوڕییەکی دەوتەوە، ئەو هاوڕییە وتی: مەبەستت کام شەویانە! منیش پرسیم، داخۆ هەبێ ئەوەندە بوێربێ بۆ ژنێکی ئەو کۆمەڵگانەی ئێمە، هەمان ڕەحمەت بنێرێ.!
ئەم پێناسانە، ئاینی ئیسلامی هێندەی دی، لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا دایکتووین و ئاویتەی فەرهەنگی کردوون.

نووسەری وا، ڕاستبێژە، زۆرێکشمان ئەو راستیە دەزانین، بەداخەوە کەممان وێر دەکەین کە بیدرکێنین!

یاداشتی ژمارە ١٥١
لە سەد هەسارەی یاداشتەکانەوە
ئاسۆ بیارەیی. ٥-٩-٢٠١٥ سوێد